# لە پێوەندی هەڵواسینی سەدام حوسێن،

# وتەبێژێک بە ناوی حزبی رزگاریی کوردستان رایگەیاند:

کاتژمێری شەشی رۆژی 30-12-2006 سزای مەرگ بەسەر سەدام حوسێن، دیکتاتۆری پێشووی عێراق بەڕێوەچوو کە بەهۆی دۆسیەی دوجێل کە 148 کەس تێیدا کوژرابوون، بەسەریدا سەپێنرابوو.

بەو بۆنەیەوە دەبێ ئەو راستیە وەبیر بهێنینەوە کە فەرمانڕەوایەتی سەدام و حزبی بەعس بۆ گەلی کوردستان و گەلی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە گەورەترین کارەسات بوو، ئەوان سەدان تاوانی جۆراوجۆریان دژ بە خەڵک و مرۆڤایەتی ئەنجام دابوو، بەوهۆیەوە دەبوایە سەدام و هاوکارانی گەورەترین سزا وەربگرن. هەرچەندە لەسێدارەدانی سەدام لەسەر دۆسیەی دوجێل بەڕێوەبردنی ئەو سزایەیە کە دادگە بڕیاری لەسەرداوە، بەڵام پەلەکردن لە هەڵواسینی سەدام بەرلەوەی دۆسیەکانی ئەنفال و بێسەروشوێنکردنی فەیلی و بارزانیەکان، راگواستنی کورد و بەسوتماککردنی کوردستان یەکلایی بکرێنەوە، دەرهەق بەگەلی کوردستان تاوانێکی دیکەیە ، ئامانج شاردنەوەی ئەو جینۆسایدەیە کە سەدام و رژێمی بەعس دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامیان داوە. باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە هەر لە ئێستاوە نوری مالکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق پاکانە بۆ نەتەوەکەی دەکات، بانگەشەی ئەوە دەکات کە سەدام لەسەر هیچ نەتەوەو ئایینزاێک حساب ناکرێ.

لەم پێوەندیەدا دەبێ حکومەتی عێراق لەسەر ئەو تاوانانەی کە فەرمانڕەوایانی عەرەب لە بەغداد بەدرێژایی 80 ساڵی رابردوو دژ بەگەلی کوردستان ئەنجامیان داوە، بە فەرمی داوای بووردن لە گەلی کوردستان بکات.

بەبڕاوی ئێمە دەبووایە سەدام لە دادگە بمێنێ و گوێی لەو تاوانانە بێ کە خۆی و پیاوەکانی دژ بە گەلی کوردستان لەسەر کوردبوون ئەنجامیان داوە. دەبوایە نهێنی چۆنیەتی هاتنەسەرکار و هەڵگیرساندنی شەڕەکانی دژ بە گەلی کوردستان، دژ بە دراوسێکانی ئاشکرا بکرابایە. دەبوایە سەدام لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە خەڵکی سڤیلی کوردستان، لەسەر تاوانی بە سوتماککردنی کوردستان و بەڕێوەبردنی شاڵاوی ئەنفال ، بێسەروشوێن کردنی فەیلیەکان و بارزانیەکان دادگەیی بکرابایە و سزای وەرگرتایە. دەبوایە نهێنی رازەکانی سەدام لە دوژمنایەتی گەلی کوردستان و هۆکاری بەرپاکردنی شەڕی کوردڤڕان لە زاری خۆیەوە وەربگیرابایە، بەڵام بە هەڵواسینی سەدام لە یەکەمین رۆژی جەژنی قوربان خزمەتێکی گەورە بەسەدام کرا ، لەلایەکەوە سەدام لە دادگە و لێپرسینەوە رزگاری بوو ، لەلایەکی دیکەشەوە عەرەبە نەتەوەپەرستەکان وەک رەمزی نەتەوەیی و بەرخۆدانی خۆیان چاوی لێدەکەن .

لە سێدارەدانی سەدام تۆزقاڵێک سوودی بە گەلی کوردستان نەگەیاندووە ، چونکە ئەو تاوانانەی کە دژ بە گەلی کوردستان ئەنجام دراون وەکو خۆیان پێشان نەدران و شاردرانەوە . ئەو کوردە خۆفرۆشانەی داردەستی سەدام بوون ، خۆشخزمەتیان بۆ رژێمی بەعس دەکرد و داکۆکیان لێدەکرد، بەشداری و چاوساغییان لەشەری کورد قڕاندا دەکرد، وەکو خۆیان ماونەتەوەو رێزیان لێدەگیرێ.

ئەگەر سەدام لە زیندان بهێڵرابایەوە ، هەر رۆژێکی بۆ ئەو مردنێک بوو ، بەڵام بە هەڵواسین حەسایەوە ، ئەوێک کە کۆستی هەزاران هەزار بنەماڵەی خستبوو، داخباری کردبوون زۆر بەئاسانی لەسێدارەدراو سڕایەوە.

پەلەکردن لە هەڵواسینی سەدام ئامانجانی تایبەتی هەیە:

یەکەم :راپۆرتی بیکەر- هاملتن لە ئەمریکا دەخوازێ کە سیاسەتی خۆی لە عێراق بگۆڕێ، لەسێدارەدانی سەدام لە چوارچێوەی گۆڕینی ئەو سیاسەتەدایە .

دووەم : حکومەتی عێراق (شیعە) دەیەوێ رێگە لەو گومان و بانگەشانە بگرێ کە باسیان لە گەڕانەوەی سەدام دەکرد، هەروەها گومان و ترسی ئەوەش هەبوو نەبادا لە کاتی گەورەتربوونەوەی کێشەو ئاڵۆزیەکانی ناوخۆی عێراق دەرفەتی رزگاربوونی سەدام برەخسێندرێ.

سێیەم : شاردنەوەی ئەو تاوانانەی کە فەرمانڕەوایانی عەرەب لە بەغداد دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامیان دابوو، بە تایبەتیش شاردنەوەی تاوانی جینۆساید کە لەبەرانبەر کوردستانیان پێرۆکراوە.

چوارەم : شاردنەوەی نهێنیەکانی پێوەندی و هاوکاریەکانی کەسایەتی و هێزەکانی ناوخۆو دەرەکی و وڵاتانی جیهان لەگەڵ سەدام و رژێمی بەعس دا.

بەوهۆیەوە دەبووایە دەستەڵاتدارانی کوردستان هەوڵی شێلگیرانەیان بدابوایە تا سەدام و تاوانبارانی دیکە لە هۆڵی دادگە بمێننەوەو لەسەر ئەنفالکردنی کوردان و بەسوتماککردنی کوردستان و بەڕێوەبردنی شەڕی کوردقڕان دادگەیی دەکران و سزای خۆیان وەردەگرت.
بەرژەوەندی دۆزی کوردستان لەوەدابوو کە سەدام وتاوانبارانی دیکە لە زاری خۆیانەوە دانیان بە بەنەخشەو چۆنیەتی بەڕێوەبردنی جینۆسایدی کورد بنابوایە.
وێڕای هەموو ئەوانەشەوە هەڵواسینی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر دەرس و پەندێکی بەسوودە بۆ فەرمانڕەوا داپلۆسێنەرەکان، زەنگی مەترسیە بۆ دیکتاتۆرەکانی دیکە، بۆ ئەو دەستەڵاتدارانەی کە گوێ لە داخوازیەکانی گەل ناگرن و لەخەمی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دان.

## وتەبێژێک بە ناوی حزبی رزگاریی کوردستان

## 2006-12-30